لەسەر دروستکردنی پارکێك لە هەڵەبجە لەسەر ئەرکی مەسعود بارزانی رونکردنەوە دەدرێت

بارەگای بارزانی لەسەر دروستکردنی پارکێك لە هەڵەبجە لەسەر ئەرکی مەسعود بارزانی رونکردنەوە دەدات

بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ شەممە، لە رونکردنەوەیەکدا کدەستی موتڕع کوتووە، رایگەیاند، ماوەی چەند ڕۆژێ لە ژمارەیەک میدیا و ڕاگەیاندندا وا بڵاوکراوەتەوە کە لەسەر ئەرکی مەسعود بارزانی پارکێک وەک دیاری دراوەتە هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە و ڕەکاری پێویست بە دروستکردنی پارکەکە گیراوەتەبەر.

بارەگای بارزانی راشیگەیاندوە، ئەوە بەرپرسیارەتیی حکومەت و لایەنە پێیوەندیدارەکانە خزمەتی خەڵکی شاری هەڵەبجە و هەمو شوێنێکی کوردستان بکەن و ئەوەی مەسعود بارزانی کردویەتی وەک هەمیشە تەنیا ئەوە بوە کە حکومەت و لایەنە پێیوەندیدارەکانی ڕاسپاردوە، هیچکات قوربانیدانی هەڵەبجە فەرامۆش نەکەن و دەبە هەمو لایەک بە باشترین شێوە خزمەتی هەمو کوردستان و بە تایبەتی هەڵەبجە بکەن.